# دیپلۆماسی پەرلەمانی و گرنگی بۆ هەرێمی کوردستان

ID No. 1459

(PP 157 - 176)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.22.36.7



| پ.ی.د. عمر حمدامين خدر نورەدينى | م. احمد بابكر احمد |
|---|---|
| بەشی دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان،کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی. | بەشی دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان،کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی. |
| omernoradeni@lfu.edu.krd | Ahmed.babakr@lfu.edu.krd |



وەرگـــــرتن : 2023/08/02

پەسندکردن: 17 /2024/01

بڵاوکردنەوە : 02 / 06 /2023



## پوختە

بیرۆکە و چەمکی دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان و سیاسەتی دەرەوەدا بەهۆی چەندین فاکتەر و ئامانجەوە گەشایەوە و گەشەی کردووە، گرنگترینیان پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگیری میدیایی و کاریگەری و پێداویستییەکانی کراوەیی و کارلێککردنی هەموو وڵاتان لەگەڵیدا. یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم داینامیکییە دیپلۆماسییە نوێیە بریتییە لە بەهێزکردنی ڕاوێژکردن و هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان خەڵک و نوێنەرەکانیان و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و ئەزموون و شارەزایی و بڵاوکردنەوەی کەلتوور و ڕەهەندەکانی دیموکراسی لە جیهاندا، هەروەها بەهێزکردنی هەماهەنگییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانە بۆ پەرەپێدان و دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی سەر ژیانی مرۆڤایەتی وەك کارەساتی سروشتی و گۆڕانی کەش و هەوا و هەژاری و بێکاری و توندوتیژی.

لەم توێژینەوەیەدا چەمکی دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکرێن، هەروەها باس لە دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە دەکەین کە هەندێک جار وەک دیپلۆماسییەکی هاوتەریب و گشتی دەردەکەوێت کە چەندین لایەن بەشداری دەکەن، لە لایەکی ترەوە، مامەڵە لەگەڵ گەڕان بەدوای ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دیپلۆماسیەتی پەرلەمانیدا دەکات، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا کورتەیەک لە دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان پێشکەش دەکرێن، بەتایبەتی ڕاسپاردەکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان و بەگەرخستنی دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی بێ دەوڵەت، لە سەرووی هەموو ئامانجەکان، پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات وەک قەوارەیەکی سیاسی و دە ستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا

وشە سەرەکییەکان: دیبلۆماسی پەرلەمانی، هەرێمی کوردستان، یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوە، ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

پێشەکی :

لە ئێستادا و لە کایەی شارستانیەت و بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، کارلێکردنێکی فرە ڕەهەند و جوڵە و تێکەڵاوی ئەوتۆ هاتۆتەگۆڕێ کە پێشتر وێنەی نەبووە، هیچ بوارێکی ژیان ناتوانێ لەوانی تر دابڕێ یان خۆی لە کاریگەری ئەویتر بپارێزێ، ئەم کارلێکردنە بەشێوەیەکە هەمووانی پێکەوە ئاوێتەی یەکتری کردووە، یەکێک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە دۆخی کالێکردن و ئاوێتەبووندایە بریتیە لە پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان دەوڵەتان و یەکە سیاسیەکان.

بەدرێژایی مێژوو دیبلۆماسیەت یەکێک بووە لەو ڕایەڵە پتەوە هەمیشەییانەی کە پەیوەندی نێوان گەل و نەتەوە، دەوڵەتان و یەکە سیاسیەکانی بە زیندوویی هێشتۆتەوە، گومانی تێدانیە چەمکی دیبلۆماسیەت وجۆرەکانی، سروشت و خەسڵەتەکانی، توخم و ڕەگەزەکانی، ئامراز و ئامانجەکانی لەگەڵ وەرچەرخانە شارستانی و سیاسی و کلتوری و ئابوریەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و پەرەیان سەندووە.

لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە تا بەئێستا دەگات، هەڵسوڕاندنی کایەی دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە دەرەکیەکان زیاتر لەژێر ڕکێفی حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بووە، بەڵام بەحوکمی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و زانیاری و پەیوەندی و گەیاندن، خوێندنەوە وتیۆرسازی نوێ، چیتر دیبلۆماسیەت پاوانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەماوە و لەپاڵ حکومەتدا، باقی دەسەڵات و دامەزراوەکانی دیکە ئامادەییان هەیە و لەم کایە گرنگەدا ڕۆڵ دەگێڕن و کاریگەری دەنوێنن نموونەیەکی زیندوو بۆئەمە دەسەڵاتی یاسادانان و دامەزراوەی پەرلەمانە. لێرەوە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی چەمک و فۆڕمی نوێی دیبلۆماسی ڕەخسا، یەکێک لەو چەمکانە (دیبلۆماسی پەرلەمانی)یە کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین .

## گرنگی توێژینەوە

لەو باوەڕەداین گرنگی توێژینەوە لە بارەی دیبلۆماسی پەرلەمانیەوە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

1. لە ئێستای پەیوەندیە دیبلۆماسی و دەرەکیەکانی نێوان وڵاتان و یەکەسیاسیەکاندا، دیبلۆماسی پەرلەمانی ئامادەیی بەرچاوی هەیە و بەشێوازی جۆراوجۆر کاریگەری و ڕۆڵ دەنوێنێ.
2. لە ڕووی توێژینەوەی زانستی لە سەر ئەم بابەتە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کەموکوڕی هەیە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا بە گوێرەی دەستور و سیستەمی یاسایی کارپێکراو یەکێک لەو ئەرکانەی دامەزراوەی پەرلەمان و دەسەڵاتی یاسادانان پێی هەڵدەستێ بریتیە لە پەرەپێدانی پەیوەندیە دیبلۆماسی و دەرەکیەکان.
3. -هەر لە سەرەتای دروست بوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان - عێراق تا ئێستا، دیبلۆماسی پەرلەمانی لە دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندیە دەرەکیەکانی ئەو قەوارە سیاسیە فیدراڵیە و بەهێزکردنی پێگە نێودەوڵەتیەکەی ئامادەیی دیار و بەرهەمی باشی هەبووە، دەکرێ بەپێی بەرنامە و پلانی ئامادەساز و بەپشت بەستن بەدەرەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی، دیبلۆماسی پەرلەمانی کوردستان کاراتر و چالاکتر بکرێ.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دیبلۆماسی پەرلەمانی وەک چەمکێکی نوێی ناو کایەی دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، لەڕووی تیۆریەوە بەشێوەیەک وەسف و شیکار بکات کە تێگەیشتنی ئاسانتر بێت، لەلایەکی دیکەوە بایەخەکەی لە نێو دەوڵەت و قەوارە سیاسیەکان ڕوونبکاتەوە، لەوەش زیاتر مەبەستیەتی سەرنجی زیاتری دەستەبژێری سیاسی و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی دەستوری لەناو دەوڵەتی

عیراقی فیدراڵ دا بەلای ناوەرۆک و بایەخ و ڕۆڵی دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی دا ڕابکێشێ تا وەک ئامرازێکی کاریگەری پەرەپێدانی پەیوەندیە دەرەکیەکان و بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتی سودی زیاتری لێ وەربگرن.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیەدا چەند پرسیارێکی سەرەکی و لاوەکی لەخۆ دەگرێت، هەوڵ دەدەین وەڵامیان بدەینەوە:

پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوە بریتین لە:

1. خەسڵەتەکان و ئامراز و ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی چین؟
2. بایەخی دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان لە چیدایە؟

هەروەها پرسیارە لاوەکیەکان بریتین لە:

1. چۆن دیبلۆماسی پەرلەمانی بخرێتە خزمەت بەرژەوەندیەکانی نیشتیمان؟
2. پەرلەمانی کوردستان چۆن دەتوانێت رۆڵی کاریگەری خۆی بنوێنی لە ڕێگەی دیبلۆماسی پەرلەمانیەوە؟

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەی سەرەکی توێژینەوە بریتیە لە: تا رۆڵی پەرلەمان بەهێز بێ لە رووی دیبلۆماسیەوە ئەوا سیستەمی سیاسی باشتر دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی بەدیبهێنێت.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی - شیکاری بەکاردەهێنن، بۆ وەسف کردنی دیبلۆماسی پەرلەمانی و خاسیەت و ئامرازەکانی، هەروەها شیکارکردنی بایەخ و ڕۆڵ بینینی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان و رۆڵی پەرلەمان لە کایەی دیبلۆماسیدا، خوێندنەوە و ڕا و لێکدانەوەکان دەخەینەڕوو و ئەنجامگیریان لە نێودا دەکەین.

**پەیکەری توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا، هەر بەشێک چەند باسێك لە خۆدەگرێ، لە بەشی یەکەمدا گفتوگۆی چەمک و خەسڵەتەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی دەکەین بۆ هەریەک لەو بابەتانە باسێک تەرخان کراوە. لە بەشی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر ئامرازەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی، لە باسی یەکەمدا ڕۆڵی لێژنە پەرلەمانیەکان شرۆڤە دەکەین، لەباسی دووەمدا شرۆڤەی ئامرازی گفتوگۆ و دانوستاندن دەکەین، باسی سێیەم تەرخان کراوە بۆ کۆڕبەند و کۆنگرە پەرلەمانیە جیهانیەکان. لە بەشی سێیەمدا باس لە ئامانجەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی و بایەخی ئەم دیبلۆماسیەتە بۆ هەرێمی کوردستان دەکەین کە دابەش بووە بۆ سێ باس یەکەمیان تایبەتە بەسەر ئامانجە ناوخۆییەکان وە دووەمیش بۆ ئامانجە دەرەکیەکان دانراوە و سێیەمیش بایەخی دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان شیدەکەینەوە و لە کۆتایشدا دەرەنجام و ڕاسپاردەکان دەخەینەڕوو.

## بەشی یەکەم: چەمك و خاسیەتەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی

### باسی یەکەم: چەمکی دیبلۆماسی پەرلەمانی

سەبارەت بە چەمکی دیبلۆماسی پەرلەمانی و ئەو نێوەرۆك و مانایەی بەرجەستەی دەکات، تا بە ئەمرۆ دەگات پێناسەیەکی چەسپاو، یەکگرتوو، کۆکەرەوەی نیە و شارەزایان و باسکارانی زانستی لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێڕامان و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە.

**وێرای ئەوە دەکرێت وا سەیری دیپلۆماسی پەرلەمانی بکرێ کە هەم پرۆسەیە و هەم ڕێبازە. وەك پرۆسە و کردەوە دیپلۆماسی پەرلەمانی ڕێگایەکە بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان کە لە سەرەتادا وابەستەبوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی لە کارکردنی کۆمەڵەی گشتی بە ڕێسای یەك دەوڵەت و یەك دەنگ بە مەبەستی نوێنەرایەتی و بڕیاردان، واتا وەك پرۆسە لە دیپلۆماسی پەرلەمانیدا فرەلایەنی لە گفتوگۆ، بەشداری لە بڕیاردان و ڕەچاوکردنی یەکسانی بوونی هەیە. دیپلۆماسی پەرلەمانی وەك ڕێباز ئامرازێکە بۆ دانوستاندن لە چوارچێوەیەکی فرە لایەندا، لەم ڕوانگەیەوە کاری دیپلۆماتکارەکان لە ناو ڕێکخراوێکی فرە لایەن و ئەندامدا بە دیپلۆماسی پەرلەمانی دادەنرێت .(Master 2022, 76)**

**دیپلۆماسی پەرلەمانی وا وێنا دەکرێ کۆی ئەو چالاکیە نێودەوڵەتیانەیە کە ئەندامانی پەرلەمان و دامەزراوەی پەرلەمان پێی هەڵدەستن ئەمەش لە پێناو زیادکردن و بەهێزکردنی لێکتێگەیشتنی چەند لایەنە لە نێوان دەوڵەتان، بەمەبەستی هاریکاری یەکتری و باشترکردنی نوێنەرایەتی گەل و زیادکردنی ڕەوایەتی دیموکراسی بۆ دامەزراوە حکومیە نێودەوڵەتیەکان، ڕەنگە دیپلۆماسی پەرلەمانی چوارچێوەی دامەزراوەیی یان نافەرمی وەربگرێ وەك ئەوەی لە نێوان گروپە پەرلەمانیەکانی تایبەت بە هاورێیەتی، ئاڵوگۆڕی وەفدی پەرلەمانی، پەیوەندی نێوان پەرلەمانی نیشتمانی و ڕێکخراوە پەرلەمانیە نێودەوڵەتیەکان، یان بەشێوازی فرەیی دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو چالاکی و دامەزراوانەی کە فرە لایەنن، ئەو جۆرە چالاکیە بە کرۆکی دیپلۆماسی پەرلەمانی دادەنرێت وەك ئەوەی لە نێوان دامەزراوە پەرلەمانیە نێودەوڵەتیە جۆراوجۆرەکاندا هەیە (Goumenos 2018, 1). دیپلۆماسی پەرلەمانی پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە کۆمەڵەی پەرلەمانتاران دەتوانێت کاریگەری لەسەر رای پەرلەمانتارانی پەرلەمانی نیشتمانی و دۆخی وڵاتەکەیان دروست بکات (Beliaeva n.d., 34)**

**شایانی باسە جیهانگیری یەکێك بوو لە فاکتەرە کاریگەرەکان بۆ سەرهەڵدانی دیپلۆماسی پەرلەمانی، کە خۆی لە خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەبینێتەوە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەشەی ئابووری جیهان، لەهەمانکاتدا لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کرانەوەی دەوڵەتان بەرووی یەکتردا، کێشەی زیاتر و ئاڵۆزتر دروستبوون کە پێویستیان بە چارەسەرێکی جیهانی هەبوو. لەم بارەیەوە هۆشیاریەکی گستی هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی چەند لایەنە و بەدەستهێنانی پشتگیری و سەرکەوتن لەرێگەی دیپلۆماسی پەرلەمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لێرەدا دیپلۆماسی پەرلەمانی دەتوانێت ببێتە تەواوکەری دیپلۆماسی حکومەت، چونکە ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی چالاکی دیپلۆماسیدا دەتوانن نەرمتر ڕەفتار بکەن. هەروەها بەشداریکردنی زیاتری ئەندامانی پەرلەمان لە بواری دیپلۆماسیدا زیاتر ڕەهەندێکی دیموکراسیانە وەردەگرێ، لەهەمانکاتدا دەتوانن ئەو ئەزموون و زانیارییەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەستیان هێناوە بگوازنەوە بۆ ناو پەرلەمانی نیشتمانی (G. Hamilton 2010, 5).**

**دەکرێت ڕەهەندی پەرلەمانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وەک درێژەپێدان بە پەیوەندیکردن بە پرسە نیشتمانییەکان و پرۆسەی سیاسی و دیالۆگ لە نێوان ئەنجومەنی یاسادانان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسە بکرێت. لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتیە جیاوازەکاندا، ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسانی سەرکردایەتی دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە کە بیرورا ئاڵوگۆڕبکەن و بڕیار لەسەر کۆمەڵێک مەسەلە بدەن و گفتوگۆ لەسەر ئاڵنگارییەکان بکەن بۆ ئەوەی جیهان بکرێتە شوێنێکی باشتر بۆ هەمووان (Mbete 2015, 1). لەڕووی مێژووییەوە چەمکی دیپلۆماسی پەرلەمانی زیاتر لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم  بە دیارکەوت ئەمەش بەهۆی ئەو گەشەسەندنەی لەناو یەکێتی ئەوروپا بەدیکرا، لەو کاتە بەدواوە پەرلەمانی ئەوروپا سیاسەتی دەرەوەی فرەرەهەند کرد  (Kopping 2017, 1).**

**چەمکی دیپلۆماسی پەرلەمانی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا زیاتر وەک زاراوەیەک بۆ وەسفکردنی مەودای فراوانی چالاکیەکان کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پراکتیزەکراوە دەرکەوت، لە ئێستادا زۆربەی پەرلەمانەکان بەشێوەیەکی چالاك بەشدارن لە دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی لەبەر ئەوەی ئەم دیپلۆماسیەتە ئامرازێکی بەسوودە بۆ پەیوەندی دوولایەنە و فرەلایەنی و دۆستایەتی و هاوکاری و هەماهەنگی  لە نێو پەرلەمانە نەتەوەییە هاوبیرەکان و دامەزراوە پەرلەمانییەکانی جیهان، هەروەها دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیەکان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی دەوڵەت (Mudyanadzo 2016, 2).**

دیبلۆماسی پەرلەمانی ڕەهەندی دامەزراوەیی هەیە و تەنها هاوکاری و هەماهەنگییەکی سادەی پەرلەمانی نیە، ئەو چوارچێوە دامەزراوەییە، کایەیەکە بۆ دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی فرەلایەن کە خۆی لە دامەزراوە نێودەوڵەتیە پەرلەمانیەکاندا دەبینێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دیپلۆماسی پەرلەمانی لە نزیکەوە پەیوەندی بە بەرەوپێشبردنی ئاشتییەوە هەیە، چونکە ئامانجە سەرەکی و ئاشکراکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییە پەرلەمانیەکان بریتین لە هاوکاری هەمەلایەنە، لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی، ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەم بارەیەوە دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی رۆڵێکی مانادار دەبینێت. هەروەها پەرلەمانتاران دەتوانن لە پرۆسەی دیالۆگی نەتەوەییدا ڕۆڵ ببینن، ئەویش میکانیزمی دانوستانی گشتگیرە کە بە زۆری لە کەیسەکانی دوای شەڕی ناوخۆدا بەدیار دەکەوێت. پەرلەمانتارانی وڵاتانی جیاواز لەچوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتیە پەرلەمانیەکان کۆدەبنەوە، ئەمەش شتێکە کاریگەری هەبووە لە کەمکردنەوەی گرژی نێوان دەوڵەتەکان. (Goumenos 2018, 5)

لەوەش زیاتر دیپلۆماسی پەرلەمانی بریتییە لە هێنانە ئارای ڕایەڵەیەك لە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری دونیادا. چونکە پەرلەمان بە نزیکبوونەوەی لە پەرلەمانێکی دیکە، لە گەڵ هاوشێوەیی لە سیستەمی کارکردندا، ئەوا لەئاستی جیاوازدا دەبێتە مایەی تۆکمەبوونی پەیوەندی نێوان هەردوولا، ڕاستە هەموو پەرلەمانێك لە پەرلەمانێکی تر جیاوازە، بەڵام هەریەکە و کەناڵی خۆی بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکتر نزیکبوونەوە هەیە، وەك دروستکردنی گرووپی دۆستایەتی، گرووپی بواری هاوبەش، هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بەدەیان داموەزگای دیبلۆماسیەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین چەند هۆکارێك هەن کەوا دەکەن پەرلەمان و پەرلەمانتار ڕۆڵی دیپلۆماسی ببینن، لەوانە: گۆڕانی دۆخی دونیا، دۆخی سیاسەت لە دونیادا، گۆڕینی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، تەکنەلۆجیا، گۆڕانی دیپلۆماسی و دۆخی دەوڵەت، لەگەڵ گۆڕانی پرسەکان (عزیز, 2020, ل 179).

کەواتە لەبەر پێویستی و ئاسانکاری بۆ پرسەکانی دیبلۆماسی دەوڵەت، پەرلەمان لە ڕێگەی لێژنەی تایبەت بە پەیوەندییە دەرەکیەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە برەودان و پەرەپێدانی پەیوەندیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان .

**باسی دووەم: خەسڵەتەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی**

**یەکەم: دیبلۆماسی پەرلەمانی دیبلۆماسیەتێکی ئاشکرایە**

دیبلۆماسی پەرلەمانی لە رووی ئامانج و ڕۆڵ بینین و بەکارهێنانی ئامرازەکان بەوە دەناسرێتەوە کە دیبلۆماسیەتێکی ئاشکرایە و نهێنی نیە، هەر بۆیە دەشێ و ئاسانە پێوانەکاری بۆ بکرێ، سەرنج و تێبینی لەسەر تۆمار بکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی گوتار و ڕەفتاری ئەندامانی پەرلەمان کە لە بواری پەیوەندییە دەرەکیەکان و دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی ڕۆڵ دەگێرن و ئامادەییان هەیە، لەمەش زیاتر بەهۆی ئاشکرابوونیەوە لایەنی بەرپرس و ناڕاستەکەری دیبلۆماسی پەرلەمانی و بەرپرس لە ئەنجامدان و پیادەکردنی، دیاری بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. (الرشيد ٢٠١٧). بەهۆی ئەوەی دیبلۆماسی پەرلەمانی دیبلۆماسیەتێکی ئاشکرایە، کاریگەری لەسەر جۆشدانی ڕای گشتی و دروستکردنی ڕاو و ڕەفتار و هەڵوێست لەسەر ڕوداو و پێشهاتەکانی پەیوەست بە پەیوەندی و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت هەیە. ئەندامانی پەرلەمان لە یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی کارا و یەکلایی کەرەوەیان بینیی لە دەستاوەدەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسیانە لە ئەلبانیا دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣، هەروەها لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە کۆماری مەکدۆنیا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا. (Bajtay 2015).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بۆچوون و زانیاریانەی خستمانە ڕوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیبلۆماسی پەرلەمانی، دیبلۆماسیەتێکی ئاشکرایە. بەهۆی ئەو خەسڵەتەشەوە کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر گەیاندنی پەیام، بەرژەوەندی گشتی، دروستکردنی هەڵوێست و هێنانە ئارای ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت و قەوارە سیاسیەکەی.

**دووەم: دیبلۆماسی پەرلەمانی چالاکیەکی فرە لایەنە**

دیبلۆماسی پەرلەمانی کۆمەڵێك چالاکی لەخۆ دەگرێ کە ئەندامانی پەرلەمان پێی هەڵدەستن لە چوارچێوەی دامەزراوەی پەرلەماندا، ئامانجی سەرەکی ئەم چالاکیانە زیادکردنی لێکتێگەیشتنی نێوان وڵاتەکانە، لەم چالایەکیە دیبلۆماسیانەدا لایەنەکانی نێو پەرلەمان بەشداردەبن بەشێوەیەك کە چالاکی دیبلۆماسی فرە لایەن دەبێتە کرۆك و جەوهەری دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی، جگە لە لێژنەکانی پەرلەمانی تایبەت بە بواری سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوە و دۆستایەتی نێوان دەوڵەتان و قەوارە سیاسیەکان، چەندین دامەزراوەی نێودەوڵەتی پەرلەمانی لە بواری دیبلۆماسیەت و هاریکاری پەرلەمانی کار دەکەن و ڕۆڵ دەگێرن لە ئێستادا دامەزراوە پەرلەمانیە نێودەوڵەتیەکان نزیکەی (٧٠) دەزگا و دامەزراوە لە خۆ دەگرێت لە سەرویانەوە یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی (١٨٨٩) دامەزراوە (زیدان، 2021). بوونی ئەم فرە لایەنیە جۆریك لە کەش و هەوا دینێتە ئارا کە زەمینەی هاریکاری نیوان دەوڵەتان و ئەو لایەن و ئەکتەرانەی لەناوکایەی پەیوەندیە دەرەکی و نێودەوڵەتیەکان بوونیان هەیە ڕۆڵ دەگێرن و هەل دەڕەخسێنێ، لەم بارەوە راپۆرتێکی تایبەتی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی ئاماژە بە بوونی سێ ئاستی هاریکاری پەرلەمانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکات، دیبلۆماسی پەرلەمانی - هاریکاری پەرلەمانی نێودەوڵەتی – هاریکاری تەکنیکی پەرلەمانی. لەگەڵ ئەوەشدا دیبلۆماسی پەرلەمانی تەنها لە چوارچێوەی هاریکاری پەرلەمانی قەتیس نابێت چونکە بە بەراورد بە ڕابردوو ڕێکخراوترە لە هاریکاری پەرلەمانی. وێنەی فرە لایەنی دیبلۆماسی پەرلەمانی لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەنوێنێ وەك: ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی لە نێوان پەرلەمانی وڵاتان، بوونی گروپی هاوڕێیەتی لە نێوان دوو یان چەندین فراکسیۆن و پەرلەمان، چالاکی هاوبەشی نێوان لێژنەکانی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانەکان، بەشداری پەرلەمانەکان لە پرۆسەی چاودێری هەڵبژاردنەکان، گفتوگۆی فراکسۆنەکان و ئەندامان لە دانیشتنی گشتی پەرلەمانەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان. (Stavridis 2016)

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەو کە دیبلۆماسی پەرلەمانی هەم لە رووی ئەو لایەن و بکەرانەی کاری تێدا دەکەن و ڕۆڵی لە نێودا دەگێڕن فرە لایەنە، هەم لە رووی ئەو چالاکی و ئامانجانەش کە بەکاریان دێنێ وکار بۆ هێنانەدیان دەکات دیبلۆماسیەتێکی فرەییە.

**سێیەم: دیبلۆماسی پەرلەمانی دیبلۆماسیەتێکی هاوشانە**

دیبلۆماسی پەرلەمانی ئەو چالاکیانەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان لە کایەی پەیوەندیەکان لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی و سیستەمی سیاسی دەوڵەتدا ئەنجامی دەدات ئەمەش لەسەردەمێکدا کە تا بێ بۆشایی و کەلێنی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەکی کەم دەبێتەوە، لەم سۆنگەیەوە دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێ گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵێك پرس و بابەت بکات و هەڵوێست و ڕوانگەی گەلان دەربارەیان بخاتەڕوو کە لە ڕێگای دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حکومەتەکان یان ناکرێت یان کردنیان زەحمەتە، بەڵام دیبلۆماسی پەرلەمانی وەك چالاکی دەسەڵاتی یاسادانان نابێتە ئەلتەرناتیفی دیبلۆماسیەتی فەرمی حکومەتەکان بەڵکو هاوشان و تەواوکەری ئەو دەبێت (ابراهیم، 2021، ص 120). لێرەدا مەبەست لە دیبلۆماسی هاوشان ئەوەیە کە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و زیادبوونی رۆڵی ئامرازەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیا بکەری دیکەی وەك: هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵ، یەکێتیە نێودەوڵەتیەکان وەك یەکێتی ئەوروپا، دامەزراوەکانی وەك پەرلەمان، ڕێکخراوەکانی وەك: یەکێتی پەرلەمانی فرانکفۆرتی و ئەفریقی و ئاسیایی، رۆڵیان لە بواری دیبلۆماسیەتدا زیادبووە، یان لە پاڵ دیبلۆماسیەتی فەرمی حکومەتەکاندا شێوەی دیکەی دیبلۆماسی سەریان هەڵداوە وەك دیبلۆماسیەتی کۆمەڵگەی مەدەنی. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دیبلۆماسی پەرلەمانی شێوەیەکە لە شێوەکانی دیبلۆماسیەتی هاوشان، لەم بارەوە یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی بەچەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانس هاوشان لەگەڵ کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان هانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و ڕێگری لە کێشە و توندوتیژی دەدات (بورقية، 2015، ص 45).

لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین هەندێك جار حکومەتەکان هەوڵ بۆ هێنانەدی هەندێ ئامانج دەدەن کە لە ڕێگای دیبلۆماسیەتی فەرمیەوە بۆیان ناکرێ، بۆیە پەنا بۆ دیبلۆماسیەتی نافەرمی و شێوازی دیکەی دیبلۆماسی وەك دیبلۆماسی پەرلەمانی دەبەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە دیبلۆماسیەتی هاوشان دادەنرێ (Grydehoj 2014). بە پشتبەستن

بەو بۆچوونانەی خرانەڕوو دەکرێت بەو دەرئەنجامە بگەین کە هاوشان بوونی دیبلۆماسی پەرلەمانی لەوەدا خۆی دەبینێ کە پەرلەمان لە پاڵ حکومەتدا لە کایەی دیبلۆماسیدا ڕۆڵ دەبینی و چالاکی دەنوێنێ. بەمەش هاوکار و پاڵپشتی حکومەت دەبێ چونکە هەندێ جار حکومەت خۆی دەیەوێت لە دەرەوەی کەناڵە فەرمیەکانی بەردەستی لە کایەی دیبلۆماسیدا پەنا بۆ کەناڵی دیکەی دیبلۆماسی ببا هەڵبەتا لە پێناوهێنانەدی هەندێك مەبەست و ئامانج، لەلایەکی ترەوە هاوشانبوونی دیبلۆماسی پەرلەمانی لەوەدایە کە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێستا پەرلەمانەکان بوونەتە بکەرێك لە بواری دیبلۆماسیدا و ڕۆڵ دەگێڕن و کاریگەریان هەیە.

چوارەم: دیبلۆماسی پەرلەمانی زیاتر چالاکیەکی دەرەکیە

دیبلۆماسی پەرلەمانی لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتان ئامادەیی هەیە و ڕۆڵی خۆی نمایش دەکات، بەڵام زیاتر لە کایەی سیاسەتی دەرەکیدا هەڵدەسوڕێ، گرنگترین لێکەوتەی سیاسەتی دەرەکی، یان بەدەربڕێنێکی تر دەرەنجام و ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە لە چەمکی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەرجەستە دەبێت کە گرنگی بە کارلێککردنی نێوان وڵاتان دەدا ، پرۆسەکانی کارلێککردن لەنێوان وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و پەرلەمانی وڵاتان ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوە شیمانەی ئەوە هەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی کارلێککردنی دیکەش بگرێتەوە نەك تەنها کارلێکی سیاسی (Ahmed 2022, 449). دیبلۆماسی پەرلەمانی برەوی بە مۆدێلی فرەیی لە بریاردان لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت داوە، کە لەلایەکەوە پێویستی بە سازشی نێوان کارەکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانە لەلایەکی ترەوە ئەو لایەن و ئەکتەرانە فشار دەخەنە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت کە بەرپرسن لە دروستکردنی بریار لە سیاسەتی دەرەوەدا. لێرەدا پەرلەمان ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەیە لە سیاسەتی دەرەوە و دیبلۆماسیەتی دەوڵەتدا. بۆ نموونە: پەرلەمانی وڵاتانی یابان و کۆریای باشوور رۆڵیان هەبوو لە لە رێگریکردن لە هاوردەکردنی برنجی هەرزان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەش لە ژێر فشاری گروپەکانی جوتیاری و کشتوکاڵی برنج لەو دوو وڵاتەدا (أريغورين، ٢٠١٣، ص 215).

هەروەها گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی پێوەری پێناسەکردنە بۆ هەموو پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت پەرلەمانتاران بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسی خۆیان بە یەک دەنگ گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان، لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لە پێش هەموو شتێکەوە نوێنەری وڵاتەکەیان و ئینجا نوێنەری لایەنە سیاسی و قەوارە پەیوەندیدارەکانیانن، لێرەدا دیبلۆماسی پەرلەمانی و ئەو ئەندامانەی بەشدارن تێیدا بەرژەوەندی و ئینتمای نەتەوەیی پێش بەرژەوەندی پارتەکەیان دەخەن و لە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگ داوەتەوە و خزمەتی بە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە دەرەوە دەکات.  پەرلەمانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە سێ ڕێگاوە خەریکی دیبلۆماسی دەرەکی یان کاروباری نێودەوڵەتین: یەکەم: کاریگەر و چالاک کردنی سیاسەتی دەرەوە لە ڕێگەی پەرلەمانی نیشتمانیەوە بەتایبەت لە ڕێگەی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە. دووەم: بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییە هاوتەریبەکان لەگەڵ ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکان. سێیەم: دامەزراندن و بەهێزکردنی پەرلەمان وەک دەستەی نوێنەرایەتی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە هەرێمیەکان. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە پەرلەمان وەک یەکێک لەسێ کۆڵەکە سەرەکیەکەی دەوڵەت ئەکتەرێکی گرنگە لەسیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا، ئەم گرنگیەشی لە دیبلۆماسیەتی پەرلەمانیدا زیاتر وێنا دەبێت چونکە یارمەتیدەرە بۆ لێکۆڵینەوە لەپرۆسەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵات وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکان (Mudyanadzo 2016, 7).

خاڵێکی گرنگ کە کاردەکاتە سەر دیپلۆماسی پەرلەمانی ناوەڕۆکی سیاسەتی دەرەوەیە، کە نیشانەی سەنگی نێودەوڵەتی هەموو وڵاتێکە. بێگومان ئەو وڵاتانەی پێگەیەکی باڵایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە جەخت لەسەر پەرەپێدانی خزمەتگوزاریە دیپلۆماسیەکان و لێژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان دەکەنەوە بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکانی کۆنگرێس  زۆر بەهێزە و تواکانیان بۆ چاودێریکردنی بژاردەکانی حکومەت لە بواری سیاسەتی دەرەوە پەرە پێداوە (Noulas 2011, 3). کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رۆڵێکی کارا لە چاودێریکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەبینێ ئەمەش لە ڕێگەی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، گوێ لە بەرپرسە سیاسی و کارگێریەکان دەگرێ و لێیان دەپرسێتەوە، هەروەها دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات و یاسا و بریاری ئەوتۆ دەربکات کە

**دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەند بکات، بەتایبەت کاتێك کە زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس لە هەمان پارتی سیاسی سەرۆك نەبن (لوفابفر، 2006، ص 113) بۆ نموونە: یاسای ژمارە (١٨ شوباتی ١٩٧٦) ڕێگا دەگرێ لە پێشکەشکردنی هەر هاوکاریەکی ئابووری و سەربازی بەو دەوڵەتانەی تۆمەتبارن بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ (مرل 1989، 53). هەروەها بە پێی یاسای ماغنیتسکی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ٢٠١٢ کۆنگرێسی ئەمەریکا دەری کردووە و لە ساڵی ٢٠١٦ وێنەیەکی نێودەوڵەتی یاساکەی پەسەندکردووە دەسەڵات دەدات بە سەرۆك بۆ سزادانی هەر بیانیەك کە مافی مرۆڤ پێشێل بکات. لە ژێر رۆشنایی ئەو یاسایەدا دۆنالد ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٧ فەرمانی جێبەجێکردنی ژمارە (١٣٨١٨)ی دەرکرد کە ڕێگە دەدا بەسڕکردنی سامانی کەسانی تێوەگلاو لە پێشێلکردنی سامناکی مافی مرۆڤ و گەندەڵی (BBC 2018). هەر بەهەمان یاسا وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حشدی شعبی لە عێراق سەپاند(Knights 2021) ، ئەمەش بووە هۆی دەربرینی نارەزایی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق (الخارجیة 2021).**

**بە زۆری بەشداری و ئامادەیی پەرلەمانتاران لە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەدا لە دوو ئاستدا دەبێت:**

**یەکەم/ لەسەر ئاستی دامەزراوەکان، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی یاساداناندا: لەگەڵ پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و دەرکردنی یاسای پەیوەست بە سەروەری و ئاسایش و ئاسایشی دەوڵەت و لێژنەکان و پرسیار و چاودێریکردن. هەروەها لەچوارچێوەی ڕۆڵی سیاسی فراوانتردا، ئەنجامدانی کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەسەر کاروباری دەرەوە لە بۆنە جیاجیاکاندا بۆ نموونە گفتوگۆی پێشوەختە و پەسەندکردنی بودجە. لە دەستووری عێراق ماددەی 61ی برگەی چوارەم، دەسەڵاتی بە پەرلەمان داوە کە پەسەندی ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بکات. هەروەها بەگوێرەی مادەی (٧٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یەکێک لەلیژنەکانی پەرلەمان بریتیە لە ( لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ) کە ئەرکەکانی خۆی لە چاودێری کردن و بەدواداچوون بۆ پەیوەندیە دبلۆماسیەکان و سیاسەتی دەرەوەی وڵات و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان دەبینێتەوە ، هەروەها بەگوێرەی مادەی (٧٧) لەهەمان پەیڕەو لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەرلەمان دەتوانێ وەزیری دەرەوە بانگ بکات بۆ گفتوگۆ و پرساندن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەبارەی ئەرک و ئامانجەکانی وەزارەت لەوەش زیاتر دەتوانی داوای زانیاری و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی پێویست لە وەزیر و وەزارەت بکات (النظـــام الداخـــلي لمجلس النواب).**

**دووەم/ لە سەر ئاستی دیبلۆماسیدا، ئەویش چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت: وەك دیپلۆماسیەتی دوو قۆڵی کە ئامانجی پتەوکردنی هاوکاریە لەگەڵ پەرلەمانەکانی تر و بەم شێوەیە پتەوکردنی پەیوەندیەکان. هەروەها لە دیپلۆماسیەتی هەمەلایەنە کە لە ڕێگەی شاندەکانی پەرلەمانەوە پێش دەخرێت، لە کۆبوونەوە پەرلەمانیەکان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئەنجومەنە پەرلەمانیەکاندا تیشک دەخەنە سەر بابەتەکانی وەک تاوانی ڕێکخراو و مافی مرۆڤ و ..هتد، جگە لەمەش کۆبوونەوەکانی یەکێتی ئەوروپا کە زیاتر لە کۆنفرانسی دیبلۆماسی دەچێت و تیایدا سەرۆکی پەرلەمانەکان و گروپە دۆستایەتیەکانی نێو پەرلەمان بەشدار دەبن (Noulas 2011, 4).**

## بەشی دووەم: ئامرازەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی

### باسی یەکەم: لێژنە پەرلەمانیەکان:

**یەکێک لە میکانیزمەکانی دیپلۆماسی پەرلەمانی بریتیە لە لیژنە پەرلەمانیەکان، ئەم لیژنانە بە بزوێنەری ئەو ڕێککەوتنامە یان پرۆتۆکۆڵی هەماهەنگیانە دادەنرێن کە لەلایەن هەر پەرلەمانێکەوە لەگەڵ پەرلەمانێکی تر واژۆ کراوە، ئەم لیژنانە لە هەر پەرلەمانێک لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێن کە لە دوای هەر هەڵبژاردنێکی پەرلەمانییەوە دەگۆڕدرێن و زۆرجار ئەندامانی ئەو لیژنانە بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندی پەرلەمانی وڵاتێک لەگەڵ ولاتێکی تر و هەماهەنگی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، کەلتووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن. هەروەها بیروڕا لە سەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی**

نێوان ولاَتەكانیان ئاڵوگۆڕەدەكەن و چالاكی وەک كۆنفرانس وسیمینار یان وۆركشۆپ لە سەر بابەتی پەرلەمانی و بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان رێكدەخەن (غنيمي 2021) .

ئەندامانی پەرلەمان بەشداری لە چەندین دامەزراوەی پەرلەمانی نێودەوڵەتیدا دەكەن و گروپی دۆستایەتی پەرلەمانی دادەمەزرێنن و بە چەندین جۆر و مەبەست پەیوەندی دوولایەنە و چەند لایەنە لەگەڵ پەرلەمانەكانی تر دروست دەكەن، ئەندامانی پەرلەمانی نیشتمانی ڕۆڵێكی كاراتریان بینیوە لەهەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی سیاسەتی نیشتمانی لە سیاسەتی دەرەوەدا لەو پرس و بابەتانەی كە بە گرنگی دەزانن، پەرلەمانتارەكان بە ئازادی دەربڕین و نەرمی نواندنی خۆیان، دەتوانن بەربەستەكانی بەردەم دیالۆگ تێبپەڕێنن و دەرئەنجامێكی باش بەدەستبێنن، لەبەرئەوە دەوڵەت و دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی تەواوكەری یەكترن. هەروەها بوونی پەیوەندی نێوان ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی جیاواز دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی تێگەیشتنی هاوبەش سەرەنجام دەبێتە هۆكارێكی سوود بەخش بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەكانی نێوان وڵاتەكان. لەم بارەوە سەرۆكی پەرلەمانەكان چالاكترین ئەندام پەرلەمانن لە دیبلۆماسی پەرلەمانیدا چونكە بەشداری دەكەن لە چەندین كۆنگرەی پەرلەمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەگەڵ بەشداری دوو قۆڵی جۆراوجۆر و كۆبوونەوەی هەمەلایەن بۆ تێگەیشتن و تێڕوانین لەمەڕ پتەوكردنی پەیوەندیەكان (Smyrnioti 2019, 9). لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە هەم سەرۆكی پەرلەمان و هەم لیژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوە و پەرلەمانتاران رۆڵێكی گرنگیان هەیە و ئامرازیكی كاریگەرن لە دیبلۆماسیەتی پەرلەمانیدا.

**باسی دووەم : گفتوگۆ و دانوستاندن:**

دانوستاندن و گفتوگۆ یەكێكە لە ئامرازەكانی دیبلۆماسی پەرلەمانی كە وڵاتان بۆ دەستەبەركردنی بەرژەوەندیەكانیان لە رێگەی پەرلەمان و لێژنەكانی دەرەوە هەوڵی دەستەبەركردنی دەدەن، دانوستاندن وەک ئامرازێكی كارای سیاسەتی دەرەوە لە چوارچێوەی "پەیوەندی پێكەوەیی ئاڵۆزدا" دەركەوت، ئەگەر مەسەلەكە سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ و گەشەسەندنی ئابووری و ئاڵوگۆڕی زانستی و فەرهەنگی و پەروەردەیی بێت یان تاوان و كۆچ و نەخۆشی و پیسبوونی ژینگە، لێرەدا ڕۆڵی دانوستانی نێودەوڵەتی بە گۆڕانكاریەكانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی گەورە و كارا كراوە. جگە لە دەوڵەتە خاوەن سەروەریەكان پەرلەمانتار و لێژنەكانی پەرلەمان دەتوانن لەگەڵ ئەكتەرەكانی تری وەک: ڕێكخراوە حكومییە نێودەوڵەتییەكان، ڕێكخراوە حكومییە هەرێمییەكان، ڕێكخراوە ناحكومیە نێودەوڵەتیەكان، كۆمپانیا فرەڕەگەزەكان، ئەكتەرە ناوچەییەكان كەبەشدارن لەدانوستاندنی نێودەوڵەتی ڕۆڵ بگێڕن و گفتوگۆ بكەن لەسەر پرس و بابەتە گشتیە دیاریكراوەكانی تایبەت بە تایبەتمەندی پەرلەمان (Butler 2010).

هاوكاری نێوان گەل و نەتەوەكان لە هەموو ئاستەكاندا، ئامانجی هەر دیالۆگێكی نێوان هاوبەشە هەرێمی و ستراتیجیەكانە بۆ دەستەبەركردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەكان، چونكە پەرلەمانتاران دەتوانن بەشداری بكەن لە دیپلۆماسی گشتی یان میللی یان ئابووری وڵاتەكەیان و هەروەها بەدەستهێنانی ئەزموونی پراكتیكی لە بوارە سەرەكیەكانی سیاسەتدا، لەبەر ئەوە دیبلۆماسی پەرلەمانی نەرمتر و گونجاوتر و خێراتر لە دیپلۆماسییەتی نەریتی، هاوكاری دوولایەنە و هەمەلایەنە دروست دەكات. ڕەهەندێكی فرەیی بۆ دیپلۆماسیەت زیاد دەكەن بەتایبەتی كاتێک ڕەنگ و دەنگی سیاسی جیاواز پێكەوە كۆدەكەنەوە كە نموونەی دیموكراسییەكی سەقامگیر و كارپێكراون و دەتوانن پردی نێوان لایەنە ناكۆكەكان دروست بكەن. دیبلۆماسی پەرلەمانی دەبێتە بەشێكی گرنگ لە دیالۆگی سیاسی و توانای لێكتێگەیشتنی زیاتر و سوودبەخش بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەكان دروست دەكات، لەبەر ئەوە لە سەردەمی جیهانگیریدا پێویستی بوونی هاریكاری لە چالاكی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتیدا زیاد كردووە. پەرلەمانەكان بەشداردەبن لە هاوكاری دوولایانە لە رێگەی لێژنە و گروپەكانی پەرلەمان كە بە گروپی دۆستایەتی ناسراون بۆ گرێدان و گەشەپێدانی پەیوەندیەكانی پەرلەمان و دەوڵەتان (Mitroviĉ 2021). دانوستاندن هەروەك چۆن بەشێكی دانەبڕاوی دیبلۆماسیەتە بەهەمانشێوە گفتوگۆ و دانوستاندن لە دیبلۆماسی پەرلەمانیدا ئامرازێكی گرنگ و كاریگەرە بۆ لێك تێگەیشتن و لێك نزیكبوونەوەی پەلەمان و دەوڵەت و قەوارەكان لەسەر بنەما و دید و بەرژەوەندی هاوبەش.

**باسی سێیەم: کۆڕبەند و کۆنگرە پەرلەمانیە جیهانیەکان:**

**بوونی کۆمەڵێك یەکێتی و ڕێکخراوی جیهانی و هەرێمی تایبەت بە پەرلەمان و پەرلەمانتارانی وڵاتانی جیاواز بووە مایەی زیاتر گەشەکردن و نەشونماکردنی دیبلۆماسی پەرلەمانی، لەوانە: یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی کە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراوە، وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کار بۆ هێنانەدی ئاشتی و پەرەپێدانی هاریکاری لە نێوان گەلان دەکات لە ڕێگای تۆکمەکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی توانا و کارامەیی لە نێوان پەرلەمان و پەرلەمانتارانی کۆی وڵاتانی دونیا، هەروەها پەرلەمانی ئەوروپی کە وەك کۆڕبەندێکە بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان بڕیار بەدەستان لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا، کۆمەڵەی پەرلەمانی فرانکۆفۆنی کە ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە یەکێکی ترە لەو دامەزراوە پەرلەمانیانەی کە تیایدا دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی چالاك و بەرچاوە. هێنانەدی هاریکاری و کۆمەکی هاوبەشی نێوان ئەندامەکانی یەکێکە لە ئامانجەکانی لای پەرلەمانی گشتی ئەفریقیا کە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، پەرەپێدانی هاریکاری کیشوەری و بونیادنانی ڕوانگەی هاوبەش و هەستکردن بەچارەنووسی هاوبەش لە نێوان گەلانی ئەفریقیا لە ڕێگەی دیبلۆماسی پەرلەمانی یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی (الرشيد ٢٠١٧، 25,26). ئەم یەکێتی و ڕێکخراوانە لە ڕێگای بەستنی کۆڕبەند و کۆنگرەی جیهانی و هەرێمی، گفتوگۆی هاوبەش ئەنجامەدەدەن، بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن، کۆشش و تواناکانیان یەکدەخەن، کێشەکانیان دەخەنە بەر باس بەدوای هۆکاری ئەو کێشانەدا دەگەڕێن و ڕێگەچارەکان دیاری دەکەن. بۆ نموونە: یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی لە (٩٩)یەمین کۆنگرەی خۆی کە لە ئەیلولی (١٩٩٨) سازیداوە سەبارەت بە بارودۆخی کۆسۆڤۆ بڕیاری ئەوەی داوە دەبێ هەموو ڕێکارێکی پێویست بگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی ئاشتی بۆ قەیرانەکە، لە خولی (١٣٧)ەمین کۆمەڵەی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧بەرێوەچوو سەبارەت بە قەیرانی میانمار، بڕیاری ئەوەی داوە دەبێت قەیرانی مرۆیی مەترسیدار و چەوساندنەوە و هێرشی توندوتیژی بۆ سەر (روهینجا) کە هەرەشەن بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بوەستێ. هەروەها دەبێت دەستەبەری گەرانەوەی ئارامی بێ مەرج بۆ ناوچەکانی خۆیان لە میانمار دەستەبەر بکرێت (ابراهیم، 2021، ص 128).**

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆنگرە و کۆڕبەندە جیهانیەکان کە لە نێوان یەکێتی و ڕێکخراو و کۆمەڵە پەرلەمانیەکان ئەنجام دەدرێن، وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی، بوون و ڕۆڵیان هەیە بۆ هێنانەدی مەبەست و ئامانجەکانی ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە بەکاردەهێندرێن و وەگەڕدەخرێن.**

**بەشی سێیەم: ئامانجەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی و بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان**

**باسی یەکەم: ئامانجە ناوخۆییەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی**

**دیبلۆماسی پەرلەمانی وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی دامەزراوەی پەرلەمان، لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەوڵەت و قەوارە سیاسیەکان دەتوانێ بۆ هێنانەدی ژمارەیەك ئامانج و پاراستنی دەستکەوتە ناوخۆییەکان ڕۆڵی بەرچاو بگێرێ و کاریگەری دیاری هەبێ، لەم باسەدا ئەو ئامانجانە دەخەینەڕوو :**

**1- بەشداری لە هێنانەدی و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیری سیستەمی سیاسی ناوخۆیی وڵات: بەتایبەتی لەسەردەمی زۆربوونی سەرچاوە و جۆرەکانی هەڕەشە و ئاڵنگاریەکان. لەم بارەیەوە پەرلەمان لە ڕێگەی ئامرازی چاودێری و بەدواداچوون بۆ ڕۆڵ و ئەرکی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە کایەی سیاسەتی دەرەوە وپەیوەندییە دەرەکیەکانی دەوڵەت و هەڵسەنگاندنیان، دەتوانێ کاریگەری بنوێنێ (الرشيد ٢٠١٧، 22). یەکێك لەو ڕێگایانە ئامادەیی و ئاگاداری پەرلەمانە لە دانوستاندن و گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئامادەکردنی ڕێککەوتنامەی ئاسایش و بەرگری هاوبەش لەگەڵ وڵاتان، پاشان پەسەندکردنیان کە دەستوور ئەو مافەی پێداوە. لەم بارەیەوە ڕۆڵی پەرلەمانی عێراق لە ئامادەکردن و پەسەندکردنی ڕێککەوتنی ئاسایش و سەربازی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (٢٠٠٨) و شانشینی ئەردەن (٢٠١٩) نموونەیەکی بەرچاوە، ئەمە لە ڕۆژگارێکدا کە عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دووچاری دەیان**

هەرەشە و ئاڵنگاری ببوو. کەواتە دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی لە بواری پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆدا ڕۆڵی پشتیوانی و ئاسانکاری و تەواوکاری بۆ ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەواوی دامەزراوەکانی تری دەوڵەت و حوکمرانی دەگێڕێ.

2- پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی: بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان یەکێکە لەو دامەزراوە سەرەکیە دیموکراسیانە کە بەرجەستەی ئیرادەی گەل دەکات و بەرپرسیارێتیەکی دەگمەن دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان کە خۆی لە هێنانە ئارای سازان لە نێوان بەرژەوەندی و ڕوانگەی چەندین گروپ و دەستە و کۆمەڵەی جیاوازدا دەبینێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ئامرازە دیموکراسیەکانی وەك گفتوگۆ و پێکەوە گونجاندن، لەلایەکی ترەوە پەرلەمان بەرپرسە لە ڕێکخستن و گرەنتیکردنی یاسایی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان و پاراستنیان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ (Beetham 2006, 1-4). دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی بۆئەوەی لە بواری بایەخدان بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی بوونی هەبێ و ڕۆڵ بگێڕێ پێویستی بە ئامرازی تایبەت هەیە لەوانە: لێژنەی پەرلەمانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ماف و ئازادیەکان، یان بوونی دەستە و ڕێکخراوی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی، لەبەرئەوە ئەو لێژنە و دەستە و ڕێکخراوانە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبنە پردێك بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی هەروەها لەگەڵ دەسەڵاتەکانی وەك: وەزارەت و دەستە و لایەنە جێبەجێکارەکان، دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان، دام و دەزگاکانی ماس میدیا و سۆشیاڵ میدیا، هەتا لەگەڵ ناوەند و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و پارتە سیاسیەکان، ئەو لێژنە و دەستە و ڕێکخراوانە ڕۆڵی چاودێری و چەتری کۆکەرەوە بۆ گفتوگۆ و یەکخستنی توانا و هەوڵەکان لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەبینن. لەلایەکی ترەوە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی ببەستن (Lyer 2012). بە پێی ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠١٨ پەرلەمانی وڵاتان لە ڕێگەی پەیوەندیان لەگەڵ هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆ هەروەها لایەن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانی پەیوەست بە پرسەکانی مافی مرۆڤ، هەروەها بەشداری لە گفتوگۆ و ڕاوێژکاریە نیشتمانیەکاندا و ناردنی شاند و نوێنەر بۆ بەشداری لە چالاکی و دیدار و کۆربەندە جیهانیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، توانیویانە ڕۆڵ بگێرن لە پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێگری لە پێشێل کردنی. واتا لە ڕێگەی وەگەرخستنی ئامرازی پەیوەندی و دیپلۆماسی پەرلەمانی دەتوانرێ بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ گەورەتر و کاریگەرتر بێت (Sibdre 2020, 8). بەم شێوەیە بۆمان روون دەبێتەوە، لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەك لێژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمان یان بوونی دەستە و ڕێکخراوی تایبەت لە ژێر سایەی پەرلەماندا، دیپلۆماسی پەرلەمانی دەتوانێت بەشداریەکی بەرچاوی هەبێ لە پاراستن و بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی.

3- بەشداربوون لە بونیادنانی ئاشتی ناوخۆیی و سەقامگیری سیاسی: پەرلەمان لە سەر ئاستی ناوخۆی وڵات وەك لایەنێك و دامەزراوەیەکی باڵا لە چارەسەر و بونیادنانی ئاشتی و پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی وڵات ئامادەیی هەبووە و هەیە، بۆیە گرنگە لە ڕێگەی دیپلۆماسی پەرلەمانیەوە دامەزراوەی یاسادانان پەیوەندییەکی بونیادنەرانەی دامەزراو لەسەر ڕێزگرتنی بەرامبەر و مافی پێکهاتە و کەمینەکان لە نێوان پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزسیۆنی متمانەدار هەبێت، هەروەها ئامادەیی هەبێت لە گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە، کاربکات بۆ پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ دەنگدەران، پەیوەندی و گفتوگۆ بکات لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی لەم شێوەیەدا پەرلەمان دەبێتە ناوەند و کارتێکی بەهێز دژی توند و تیژی و ململانێی خوێناوی، بەپێچەوانەوە ئەگەری ئەوەی دەبێ پەرلەمان خۆی ببێت بە هاندەری ململانێ و توندوتیژی. ڕۆڵی دیپلۆماسی پەرلەمانی لە بەرێوەبردن و بەلاداخستنی ململانێ و چارەسەری کێشەکان لەوەدا دەبێت کە لیژنەکانی پەرلەمان دەتوانن گفتوگۆ و دانوستاندن لە نێوان پارتە سیاسیەکان ئەنجام بدەن،

کۆمەڵگەی مەدەنی بکەنە بەشێك لە گفتوگۆی لەم شێوەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەر و پێکەوە سازان لەسەر ناکۆکیەکان. لەلایەکی ترەوە پەرلەمان و لێژنەکانی دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتانی دیکە بکەن بەمەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری کردن لە پێناو چارەسەری ناکۆکیەکان و بەلاداخستنیان و بونیادنانی ئاشتی و سەقامگیری (AWEPA 2020, 20-27). لەلایەکی ترەوە دیبلۆماسی پەرلەمانی دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکانی تایبەت بە کۆتایی هێنان بە شەر و ململانێی ناوخۆ و بەرقەرارکردنی ئاشتی ناوخۆیی. لەم بارەیەوە پەرلەمانی کۆڵۆمبیا توانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە هاتنەکایەی ڕێککەوتن لە نێوان حکومەتی کۆڵۆمبی و هێزە چەکدارە شۆرشگێرەکان لە ساڵی ٢٠١٦ (Sibdre 2020, 24).

لە هەرێمی کوردستان – عێراق کاتێك لە ساڵی ١٩٩٤ شەری ناوخۆ لە نێوان پارتە سەرەکیەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی دروست بوو، پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی گوشار بەشێوەی مانگرتنی پەرلەمانتاران و دەرکردنی بەیاننامەی نارەزایی و پێکهینانی لێژنەی پەرلەمانی تایبەت بۆ رۆڵ بینین لە گفتوگۆ و کۆنترۆڵی توندوتیژی ، پاشان پەسەندکردنی رێککەوتنامەی واشنتۆن بۆ ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە (١٧)ی ئەیلولی ١٩٩٨ واژۆکرا کاریگەری بەرچاوی هەبوو، لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥ یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ یاسای پەسەندکردنی رێککەوتنامەی واشنتۆن بۆ دابینکردنی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان کە لە نێوان هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسترابوو، پەسەندکرد.(یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2002 پەرلەمانی کوردستان-عێراق).

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دیبلۆماسی پەرلەمانی لە ڕێگەی بەشداری لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا زەمینەسازی بۆ ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، پەسەندکردنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان، دەتوانێت ئامادەیی بەرچاوی هەبێت لە بەهێزکردنی سەقامگیری و بنیاتنانی ئاشتی ناوخۆیی.

### باسی دووەم : ئامانجە دەرەکیەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی

دیبلۆماسی پەرلەمانی کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە دەوڵەت لە رێگەی لێژنەکانی پەیوەست بە کاروباری دەرەوە لە پەرلەمان هەوڵی وەدیهاتنیان دەدات. پەرلەمان لە کۆمەڵێك بواردا کاردەکات کە چیتر تەنها بواری ناوخۆیی نین وەك: مافەکان، ژینگە، ئاسایش، وزە، بازرگانی، تەندروستی و خوێندن ، لە ئێستادا ئەم بوارانە زیاتر جیهانین ،پرۆسەی گەشە و سەرهەڵدانی قەیران لەیەکێک لەو بوارانە لە هەر جێگایەك ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بوونی گەشە و قەیران لە جێگایەکی تر (عزیز، دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی 2016, 21). هاریکاریی نێوان گەل و نەتەوەکان پەیوەندی نزیکتر دروست دەکات لە نێوان کایە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکانیان. هەروەک ڤان دێر لیندن لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئاماژەی پێداوە : "ئێمە دەتوانین مەسەلە نەتەوەییەکانمان بهێنینە ئاستی نێودەوڵەتی هەروەها دەتوانین مەسەلە نێودەوڵەتیەکان بهێنینە ئاستی نەتەوەیی ئێمە لەو شوێنەین کە هاونیشتمانیەکانمان لە هەردوو پرسی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا بەشدار بکەین. ئەندامانی پەرلەمان ئامانجیانە گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ هاوپیشەکانیان لە وڵاتان ئەنجام بدەن و لێکتێگەیشتن و خاڵی هاوبەش دروست بێت و سوود لە ئەزموونی ئەوانی تر وەربگرن و بیگوازنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. دیبلۆماسیەت بۆ مەبەستی جیا دەتوانێت خزمەتێکی فراوان بکات وەک ڕوونەدان و نەهێشتنی ناکۆکی و چارەسەرکردنی گرژییەکان، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، جەختکردنەوە لەسەر بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و هاوکاری زیاتر لە نێوان پەرلەمانە نێونەتەوەییەکان(G. Hamilton 2010) . یەکێکی تر لە ئامانجەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی بریتیە لە خۆگونجان لەگەڵ دونیای دەرەوە چونکە بوارەکان فرەوان و ئەکتەرەکان جیاواز دەبن و لەگەڵیان شێوازی دیبلۆماسیەتیش دەگۆڕێت. ئەو بەیاننامەیەی لە دووەمین کۆنفرانسی جیهانیی سەرۆکی پەرلەمانەکاندا لەساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکرایەوە بەڕوونی گرنگی بەشداری پەرلەمان لەکاروباری نێودەوڵەتیدا خستۆتەڕوو" نەک هەر لەڕێگەی هاوکاری نێوان نەتەوەکان و دیپلۆماسی پەرلەمانییەوە بەڵکو بۆ بەشداریکردن وچاودێری نێودەوڵەتی دانوستانەکان و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی حکومەت لە

ئەستۆی خۆی گرتووە هەروەها زامنکردنی پابەندبوونی نەتەوەیی بە نۆرمەکانی نێودەوڵەتی و بنەماکانی یاسا" Smyrnioti) .2019, 6)

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خرایە ڕوو ، دەتوانین ئامانجە دەرەکیەکانی دیبلۆماسی پەرلەمانی لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

1- دەست پێکردنی چالاکییەکان بەئامانجی ئاشتی و ئاسایش و بەهێزکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و گەشەسەندنی ئابووری و باشترکردنی بواری پەروەردە و کۆمەڵایەتی.
2- یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی جیهان: قەیرانی دارایی، قەیرانی وزە و گۆڕانی کەش و هەوا.
3- بڵاوکردنەوە و پاراستنی بەها دیموکراتیەکان لە ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.
4- گرێدانی پەیوەندی کەسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی
5- بەشداریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتدا.
6- باشترکردنی کاری میکانیزمەکانی پەرلەمان لەسەر ئاستی نیشتیمانی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زانین و ئەزموونی سیاسی و کەلتووری ودایەلۆگی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکاندا (G. J. Hamilton 2010)
7- بەهێزکردنی لێکتێگەیشتن لەنێوان دەوڵەتەکان و هاوکاری و هاوبەشی بۆباشتر کۆنترۆڵکردنی حکومەت و کاراترکردنی نوێنەرایەتی جەماوەری و چەسپاندنی شەرعیەتی دیموکراسی بۆدامودەزگا نێودەوڵەتییەکان . (Smyrnioti 2019, 7).

**باسی سێیەم: بایەخی دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی دەستوری زادەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بوو، ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا هات و کۆتایی بە جەنگی سارد و دوو جەمسەری هێنا و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی ڕەخسا، هاوکات بوو لەگەڵ جەنگی دووەمی کەندا و لەعیراق و بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ لێدان لە سوپای عیراق و وەدەرنانی لە وڵاتی کوێت کە لە مانگی ئابی ١٩٩٠ داگیری کردبوو، ئەم وەرچەرخانە نێودەوڵەتی و ناوخۆییانە ڕێگایان خۆش کرد بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لەلایەن بەرەی کوردستانی و گەلی هەرێمی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ و ڕزگار بوونی بەشی زۆری هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەوکات و لەمانگی نیسانی ١٩٩٢ بەرەی کوردستانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی دەرکرد و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەمانگی ئایاری ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان وەک دامەزراوەی فەرمی و یاسادانانی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بەمەش بەردی بناغەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان دانرا، دوای دەست بەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان جگە لە بواری دانانی یاسا و پێکهێنانی حکومەت و چاودێری و سەرەڕای ئەرکەکانی دیکە، لەکایەی پەیوەندی دەرەکی و وەگەڕخستنی دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی کەوتەکار، لەخوارەوە بایەخی دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو:

یەکەم : دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساتی دامەزراندنیدا وەگەڕ خرا ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە جێگیرکردن و بەردەوامی و مانەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ ماددەی (56) ئەوە هاتبوو کە یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردانە لە ڕێککەوتننامەکان و پرسە چارەنوسازەکانی گەلی کوردستان و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراق (کوردستان-عێراق 2023)

بە ئاڕاستەی پیادەکردنی ئەم ئەرکە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (1992/10/4) بڕیاری ژمارە (٢٢)ی دەرکرد کە تیادا جاڕی ئەوەی دا پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق لەسەر بنەماکانی فیدراڵی دەبێت، بەمەش سیما و خەسڵەتی قەوارەیەکی سیاسی بەشدار لە سەروەری دەوڵەت نەک تەنها یەکەیەکی ئیداری لەخۆیدا بەرجەستە کرد.

جاڕدانی فیدڕاڵی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وای لە حزب و لایەنە سیاسیەکان و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان کرد پابەند بن بەوەی لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ داوا بکەن و پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە فۆڕمی

دەوڵەت لە عێراق لە دەوڵەتی سادە و مەرکەزیەوە بگۆڕێ بۆ دەوڵەتی فیدراڵی خاوەن سیستەمی سیاسی پەرلەمانی دیموکراسی، ئەمە بەکردەوە هاتەدی و لە دەستوری تازەی عێراق دا جێگیر کراوە و هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و هەرێمێکی فیدراڵی شەرعیەتی دەستوری وەرگرت ( دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥ ـ مادەکانی (١ و ١١٧ و ١٢١ ) . بوونی هەرێمی کوردستان بە قەوارەیەکی سیاسی دەستوری دان پیانراو بووە مایەی بەهێزبوونی لەهەموو بوارەکاندا و جۆرێک لە گرەنتی مانەوە و بەردەوام بوونی ئەوتۆی وەرگرت کە مایەی دڵنیایی بێت.

لەوەش زیاتر و بە لە بەرچاوگرتنی ڕێڕەوی مێژوویی ئەو ڕۆژگارەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران پێویست بوو هەرێم لەکایەی پەیوەندی دەرەکیدا بوونی هەبێ و کار بکات و مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەو ئاراستەیەدا و دوای پێنج مانگ لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و بەمەبەستی دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی دەرەکی وەفدێکی باڵای پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان سەردانی وڵاتانی ( تورکیا ـ ئەڵمانیا ـ بەریتانیا ـ سویسرا ـ فەڕەنسا ـ سوید ـ نەرویج ـ دانیمارک ـ نەمسا) یان کردوو چەندین دیدار و گفتوگۆیان لەگەڵ سەرۆک و جێگر و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیر و بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتانە و دامودەزگاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، لەو دیدار و کۆبوونەوانەدا پشتگیری و پشتیوانی بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم وەک قەوارەیەکی سیاسی نادەوڵەت بەڕوونی دەرکەوت و ئەوەی لێهەڵێنجرا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکات (نورەدینی ٢٠٠٣, ٢٠٣). ئەم ڕەوتە لە دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ساڵانی دوایش بەردەوام بوو کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و زیاتر بەهێزکردنی.

دووەم : یەکێک لە بایەخەکانی دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی بۆهەرێمی کوردستان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە ئامرازێکی گونجاوە بۆ گەیاندنی ئەو کارەسات و تراژیدیایانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون بۆ ڕای گشتی گەلانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وەک دەوترێ دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی مینبەرێکی گرنگە بۆ مامەڵە لەگەڵ ڕای گشتی و سەرنج ڕاکێشانی بەمەبەستی لاکردنەوە و بایەخدان بە دۆز و پرسێکی تایبەت (السیاسی، ٢٠٢٣)

لەم بارەوە پەرلەمانی کوردستان هەوڵ و کۆششی کردووە بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕاستیەکانی تایبەت بە تاوانە نێودوەوڵەتیەکانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی و جەنگ کە لەدژی گەلی کوردستان ئەنجام دراون بۆ کۆمەلگەی نێودەوڵەتی و پەرلەمانی وڵاتان، بەڵام لەم بارەوە ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان جێگای سەرنج و لەسەر وەستانە و دەکرا کاراتر و گورج و گۆڵتر با، بۆنموونە بۆی دەکرا و پێی دەکرا لەسەر بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی دژ بەگەلی کوردستان ئەنجام دراون یاداشتی تایبەتی دابا بە پەرلەمانی وڵاتان و لە ژێر چەتری خۆیدا چەندین کۆنفراسی نێودەوڵەتی لەم بارەوە ساز کردبا.

سێیەم : بەشداری لە داڕشتن و بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی دەستوری و لایەنێکی نادەوڵەتی هەیەتی بریتیە لە بوونی پێگەیەکی نێودەوڵەتی و جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندی دیبلۆماسی و دەرەکی، ئێستا لە هەرێمی کوردستان (٤٢) کونسڵخانە و نووسینگەی نوێنەرایەتی دەوڵەتان بوونیان هەیە، هەروەها نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ( 14 ) وڵاتە هەن و کاروچالاکی دەنوێنن (کوردستان ٢٠٢٣).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی باس کرا هەروەها پێگەی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵ و ڕۆڵیان لەکایەی دیبلۆماسی و پەیوەندیە دەرەکیەکان بۆمان دەردەکەوێ کە هەرێمی کوردستان لەم ڕووە وە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوتۆی هەیە کە خاوەن پێگەیەکی نێودەوڵەتی وایە کە بەشدارە لەسیاسەتی دەرەکی و دیبلۆماسیەتی دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ. بە حوکمی زۆر هۆکاری وەک : بەجیهانی بوون، پەیوەندی نەژادی و کلتوری، فاکتەری هەرێمی و سیاسی، سروشتی سنوری دەوڵەت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بوونی گیانی سەربەخۆیی و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی لای هەرێمەکان، ڕوودانی قەیران لە پەیوەندی نێوان ناوەند و هەرێمەکان، لاوازی دامەزراوە و ئەزموونی سیاسی دەوڵەتی فیدراڵ . وێڕای بوونی جیاوازی لەناوی هەرێمەکان و دەسەڵاتە دەستوریەکانیان لەناو دەوڵەتی فیدراڵدا، ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە لە سەردەمی ئێستا

**هەرێمەکان بوونەتە لایەن و بکەر لە چالاکیە دەرەکیەکان، یان لانی کەم بەشێوەی جیاواز بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەت و ئەنجامدانی چالاکیە دەرەکیەکان (البدري ٢٠١٧، ٢٤٨-٢٥٠)**

**بوونی ئەم پێگە نێودەوڵەتیەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی داڕشتن و ڕێکخستنی یاسایی بۆ نموونە بوونی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمانی بە بواری پەیوەندیە دەرەکیەکان هەروەها دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی دەرەکی وەک چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە و پێشتر ئاماژەمان پێدا هەروەها لەڕێگەی بەشداری کردن لە نواندنی چالاکی دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان و ڕکخراوە نێونەتەوەییە مەدەنی و ناحکومیەکان ڕۆڵ و کاریگەری دیاری هەبووە ئەمە بۆ ئێستا و داهاتووش دروستە.**

**دەرئەنجام**

**دوای ئەو شرۆڤە و لێکدانەوەی لەبارەی دیبلۆماسی پەرلەمانیەوە کردمان، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لەکایەی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان هەم زیاد و هەم کاراتر بووە، بەگشتی ئەو ڕۆڵە کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەوەی سروشتی دیبلۆماسیەت لە سروشتی نهێنی بوونەوە بۆ ئاشکرابوون بگۆڕی، هەروەها پەیوەست بوونی ئامراز و ئامانجەکانی دیبلۆماسیەت بە خواست و ڕەوایەتی هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی گەل نەک تەنها ویست و ئیرادەی نوخبەی دەسەڵاتداری ناوحکومەتەکان، لەلایەکی ترەوە دەرکەوتنی پەرلەمان و لیژنە و ئەندامەکانی وەک کاراکتەرێک لە بواری دیبلۆماسیەتدا بووەتە مایەی گورجبوونی ڕەوتی زیاتر بە دیموکراسی بوونی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و بایەخدانی زیاتر بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چارەسەری کیشە و ناکۆکیەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازی ئاشتەوایی و ناتوندووتیژ.**

**دیبلۆماسی پەرلەمانی جەخت دەکات لەبوونی ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کاراکتەرە نادەوڵەتەکان لە کایە و گۆڕەپانی پەیوەندی نێوان گەل و نەتەوەکان و دەوڵەتان، زاڵبوونی نەرێنی سەروەری ئاسنینی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر چالاکیە دیبلۆماسیەکاندا کەم دەکاتەوە و دەرەفەت دەڕەخسێنێ بۆ کاراکتەری دیکەی نادەوڵەتی وەک یەکە و قەوارە سیاسیە نادەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تا بتوانن لەم بوارەدا ئامادەییان هەبێ و ڕۆڵی خۆیان نمایش بکەن. هەروەها دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوتۆی هەیە و گرنگی بایەخ دەبەخشێتە پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گەیاندن و گواستنەوەی کارەسات و پەیام و ویستەکانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەلایەکی دیکەشەوە پەرلەمان بڕیار لەسەر ڕێککەوتنامەکان دەدات.**

**ڕاسپاردەکان:**

**لەم بارەوە و بەمەبەستی ئەوەی قەوارەی سیاسی و گەلی هەرێمی کوردستان بکارێ باشتر دیبلۆماسی پەرلەمانی بۆ بەرژەوەندیە ڕەواکانی خۆی وەگەڕ بخات ئەم ڕاسپاردانە دەخەینە ڕوو :**

**یەکەم : پەرلەمانی کوردستان کۆشش بکات بۆ ئەوەی لیژنەیەکی دۆستایەتی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق دابمەزرینێ، پێکهاتەی لیژنەکە بەشێوەیەک بێت کە ئەندامەکانی لە فراکسیۆن و پێکهاتە و نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەخۆ بگرێت.**

**دووەم : پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدات ئەگەر بەسیفەتی چاودێریش بێت، ببێتە ئەندام لە یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی و ئاسیا و عەرەبی.**

**سێیەم : سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان کۆنفراسێکی زانستی لەسەر دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی و چۆنیەتی سود لێوەرگرتن و وەگەرخستنی بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساز وبەڕێوەببات**

**لیستی سەرچاوەکان :**


**کتێب:**

**عزیز, سەردار. پرسە پەرلەمانییەکان، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، 2020.**

**عزیز، سەردار. دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی، سلێمانی، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان،2016.**

**عمر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد-کوردستانی-عێراق وەك نموونە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ۲۰۰۳.**

**یاساکان:**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق. 2023. https://www.parliament.krd/media/14358/yasay-zhmara-1-y-saly-1992.pdf**

**یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2002 پەرلەمانی کوردستان-عێراق:**

**https://www.parliament.krd/business/legislation/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%83%D8%A7/%D9%86%DB%8C-%D9%A2%D9%A0%D9%A0%D9%A2**

**المصادر العربية**

**كتب:**

**ارين أ. منفست و ايفان م. أريغورين، مبادئ العلاقات الدولية، دمشق، دار الفرقد، ۲۰۱۳.**

**مارسيل مرل، السياسة الخارجيه، جروس برس: سلسلة افاق دولية، 1989.**

**مكسيم لوفابفر، السياسة الخارجية الامريكية. بيروت، الطباعة بيروت، 2006.**

**نانسى طلال زيدان. "الدبلوماسية البرلمانية بين تأصيل الماضي و متطلبات الحاضر." 2021.**

**البحوث العلمية:**

**ايهاب احمد يحى ابراهيم، "دور الدبلوماسية البرلمانية فى الصراعات و بناء السلام: دراسة حالة الاتحاد البرلماني الدولى." المجلة الدولية النشر الدراسات العلمية، 2021.**

**خميس البدري. "النشاطات الخارجية للاقاليم في الدول الفيدرالية دراسة مقارنة (( الفيدرالية العراقية ))." Iraqi Academic Scientific Journals - IASJ، ۲۰۱۷.**

**راشد احمد الرشيد. "الدبلوماسية البرلمانية : الاهداف و الاليات والادوار دراسة حالة مجلس النواب البحرينى." معهد البحرين للتنمية السياسة، ۲۰۱۷.**

**رسائل الجامعية:**

**عيسى بورقية، الدبلوماسية البرلمانية و اسهاماتها فى حل الغلافات العالمية والوطنية، رسالة ماجستير فى القانون العام ". جامعة هران2 - الجزائر، 2015.**

**المصادر الإلكترونية:**

**الاطلس السياسى, معد البحرين للتنميه، معد البحرين للتنميه السياسية ,٢٠٢٣ .**
**https://www.bipd.org/atlasseyasi/dal/.**

**النظـــام الداخـــلي لمجلس النواب العراق، https://iq.parliament.iq/wp-content/uploads/2023/01/%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A7%D8%AE%D9%84%D9%8A-%D9%84%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%A8.pdf**

**جابر غنيمي. الديبلوماسية البرلمانية. 9 نوفيمبر, 2021. https://shams-alyaoum.com/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9-9%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A**

**جمهورية العراق- وزارة الخارجية. "بيان صحفيّ." جمهورية العراق- وزارة الخارجية، 9 -1 - 2021.**
**https://mofa.gov.iq/2021/20251**

**حكومة إقليم كوردستان. GOV.KRD. ٣٠ ,١١ ,٢٠٢٣. https://gov.krd/dfr-ar/foreign-representation**

**English References**

**Book:**

**Smyrnioti, Panagiota. Promotion of Parliamentary diplomacy through the newly. Greece: University of Peloponnese, 2019.**

**Academic Journal:**

**Ahmed, A. B. The Impact of The Economic Factor on The Country's Foreign Policy, Erbil, qalaai zanist scientific journal, 2022.**

**AWEPA. "The role of parliaments in conflict management and peace building." interdisciplinary global development center, 2020.**

**Bajtay, Peter. "Democratic and efficient foreign policy." Robert Schuman Centre for Advanced Studies, 2015.**

**Beetham, David. "Parliamentary and Democracy in the Twenty-First Century." Inter-Parliamentary Union, 2006.**

**Beliaeva, Tatiana. "Parliamentary diplomacy." Institute for Sociology, n.d.**

**Butler, Michael J. "International Negotiation in a Foreign Policy Context." international studies, March 01, 2010.**

**Goumenos, Thomas. "Parliamentary Diplomacy as ‘Track 1 1/2 Diplomacy’ in Conflict Resolution." E-International Relations, 2018.**

**Grydehoj, Adam. "Para diplomacy." Centre Maurits Coppieters, 2014.**

**Hamilton, G. J A. "parliamentary diplomacy." 2010.**

**Hamilton, G.J.A. "Parliamentary diplomacy." Memorandum, 2010.**

**Knights, Michael. "Leveraging U.S. Sanctions on Faleh al-Fayyad." the Washington institute for Near East Policy, Jan 8, 2021.**

**Kopping, Alexandra Athanasopulou. "To go where no one has gone before: Toward a model of parliamentary diplomacy in the European Parliament." UACES 47th Annual Conference. Krakow: university association for contemporary European studies, 2017.**

**Lyer, Kristen Robert. "Effective Human Rights Engagement for Parliamentary Bodies." International IDEA, 2012.**

**Master, Lesley. "South Africa's Emerging Parliamentary Diplomacy and Foreign Policy." Strategic review for south Africa, 2022.**

**Mudyanadzo, Wenceslaus. "Parliamentary diplomacy as a critical component of zimbabwe's foreign policy." International Journal of Politics and Good Governance, 2016.**

**Noulas, George. "The role of parliamentary diplomacy in foreign policy." Foreign policy journal, 2011.**

**Sibdre, Nina Caspersen and Gyda. "Supports, spoilers or sidelined: the role of parliaments in peacebuilding." interdisciplinary global development center, 2020.**

**Stavridis, Stelios. "Parliamentary diplomacy: any lessons for." Institute of International Economic Relations, 2016.**

**Website:**

**BBC. "https://www.bbc.com/arabic." November 22, 2018 https://www.bbc.com/arabic/middleeast-46295219.**

**MitroviĆ Dijana. Parliamentary Diplomacy in the Western Balkans. November 21, 2021. https://www.gmfus.org/news/parliamentary-diplomacy-western-balkans.**

**Mbete, Baleka. Parliamentary Diplomacy: Sustainable Development beyond 2015. March 30, 2015. https://www.dailymaverick.co.za/opinionista/2015-03-30-parliamentary-diplomacy-suistainable-development-beyond-2015/.**

# الدبلوماسية البرلمانية و أهميتها لأقليم كوردستان


| | |
|---|---|
| ا.م.د. عمر حمدامين نورالدينى | م. احمد بابكر احمد |
| كلية القانون والعلاقات الدولية / الجامعة اللبنانية الفرنسية | كلية القانون والعلاقات الدولية / الجامعة اللبنانية الفرنسية |
| omernoradeni@lfu.edu.krd | Ahmed.babakr@lfu.edu.krd |


## ملخص


تطورت وازدهرت فكرة ومفهوم الدبلوماسية البرلمانية في مجال العلاقات الدولية المعاصرة والسياسةالخارجية بسبب العديد من العوامل والأهداف أهمها انتشار ظاهرة العولمة وما أفرزته من أثار وضرورات الانفتاح والتفاعل معها من طرف كافة الدول. كما أن هذه العولمة وانتشار الديمقراطية في العالم تطلب مشاركة ممثلي الشعوب من مؤسسة البرلمان والبرلمانيين في تفعيل ودمقرطة العلاقات الدولية، ومن أهم أبعاد هذه الحركية الدبلوماسية الجديدة تعزيز التشاور والتعاون والتواصل بين الشعوب وممثليهم، وتبادل الأفكار والتجارب والخبرات، ونشر ثقافة وأبعاد الديمقراطية في العالم، بالإضافة إلى تدعيم التعاون الدولي والإقليمي من أجل التنمية واستتباب السلم والأمن الدوليين، والعمل على القضاء على المخاطر التي تحدق بالبشرية كالأمراض الفتاكة والصراعات والنزاعات المسلحة والكوارث الطبيعية والتغيرات المناخية الطارئة التي أضرت بالبيئة والمناخ العالمي.

فى هذا البحث يتم دراسة مفهوم الدبلوماسية البرلمانية وتحديد خصائصا، وايضا التطرق الى تشخيص وسائل هذا النوع من الدبلوماسية التى تظهراحياناكدبلوماسية موازية الى جانب دبلوماسية السلطة التنفيذية و علنية تشارك فيها اطراف متعددة، من جانب اخر يتناول البحث عن الاهداف الداخلية و الخارجية للدبلوماسية البرلمانية، فى نهاية البحث هناك عرض مختصر للاستنتاجات والتوصيات،خاصة التوصيات المتعلقة بكيفية استخدام و توظيف الدبلوماسية البرلمانية فى اقليم كوردستان العراق كطرف فاعل من غير الدول مع البيئة الاقليمية و الدولية و يقوم بأدوار ويسعى لتحقيق مصالحه على رأسهم ضمان بقائه ككيان سياسى و دستورى فى اطار الدولة الاتحادية العراقية .



الكلمات المفتاحية: الدبلوماسية البرلماني، اقليم كوردستان، الاتحاد البرلماني الدولي، السياسة الخارجية، الأهداف الداخلية والخارجية.

# Parliamentary diplomacy and its importance to the Kurdistan Region


| Assist. Prof. Dr. Omer Hamadamin Nuradeni | Lect. Ahmed Babakr Ahmed |
|---|---|
| College of Law and International Relations / Lebanese French University | College of Law and International Relations / Lebanese French University |
| omernoradeni@lfu.edu.krd | Ahmed.babakr@lfu.edu.krd |



## Abstract

A number of factors and objectives have contributed to the development of the idea and concept of parliamentary diplomacy in the field of contemporary international relations and foreign policy, the most important factor is the progress and spread of media globalization and the impacts and necessities of openness and interaction among all countries with each other. One dimension of recent dynamic diplomacy aims to strengthen negotiation and cooperation, relationships between people and representatives, and exchange ideas, experience and expertise, as well as, disseminate culture and democracy dimensions around the world. Furthermore, enhancing international and regional cooperation for development and the establishment of international peace and security, and eliminating the threats to humanity, such as, natural disasters, and climate change, poverty and unemployment, violation.

In this research, the concept of parliamentary diplomacy is studied and its characteristics are determined. Additionally, discuss about defining instruments this type of the diplomacy, which occasionally appear as parallel and public diplomacy involving multiple parties. On the other hand, concentrate on the internal and external goals of parliamentary diplomacy. At the end of the research, a brief summary of the conclusions and recommendations are presented, in particular, the recommendations on how to use and engagement parliamentary diplomacy in the Kurdistan Region of Iraq as a non- state actor. On peak of the objects, protect itself as a political and constitutional entity within the Iraqi federal state framework.


**Keywords:** *Parliamentary Diplomacy, Kurdistan Region, International parliamentary union, foreign policy, internal and external goals.*